# (ئاگاداری لەلایەن شاعیرو نوسەر کەژاڵ ئیسماعیل)ەوە

بۆ سەرجەم ئەدیبان وهاوڕێیانم،سڵاو.
سەرەتا دەخوازم بەوە دەست پێ بکەم کەبەداخێکی زۆرەوە تا ئێساش هەندێک کەسی دەروون نەخۆش و نەفس نزم و قێزەون و میکرۆبی نێو کۆمەڵگاکەمان بوونەتە بەکتریایەکی زیان بەخش و بەربوونەتە وێزەی خەڵکانی مرۆڤ دۆست و هەمیشە لەبێکاریدا دانیشتون وەک ئاژەڵ خۆیان ئەلێسنەوەو هەڵوەدای ئەوەیانە کەبیر لەهێک کردنی ئیمایلی نوسەران بکەنەوە.لەجیاتی ئەوەی ئەو زانیاری و زانستیەی کە لەبواری کۆمپیوتەردا هەیەتی لەبەرژەوەنی خەڵکاندا بەکاری بهێنێت ئەو پێچەوانەکەی هەڵبژاردوەو کردویەتی بەزانست و زانیاریەکی ژەهراوی دژ بەئەدیب و نوسەران.

بەڕێزان دۆستان خۆشەویستان:
ئەوە بۆماوەی 6 رۆژ دەچێت ئیمایلەکانم هێک کراوەو ئەو کەسە نەفس نزمە بەشێوەیەکی ناشرین و دوور لەداب و نەریتی مرۆڤ دۆستانە نامەکانی منی ئاڵوگۆڕ پێ کردوەو دەستکاری کردوەو هەر بەناوی خۆمەوە ناردویەتی بۆ هەندێک هاوڕێم.جامن لەڕێگەی ئەم ئاگاداری و بانگەوازەوە لەئێستاوە من بێ بەریم لەو دوو ئیمایلەم و هیچ مافێکی منی پێوە نەماوەو هەر بەڕێزێک،هەر هاورێیەک،هەر کەسێک ناسیاوو نەناسیاو لەڕێگەی ئەم دوو ئیمایلەوە پەیام و نامەی چ بەشێوەی تەشهیر پێ کردن و چ بەشێوەی ستایش کردن ئەوە هەرگیز من نێم:ئیمایلەکانیشم ئەمانەن.

Kazal_8@hotmail.com
Kazal_t@hotmail.com
کەژاڵ ئیسماعیل/هۆڵەند/دەنهاخ